# جوگرافیا

**بەشی یەکەم:دەروازەیەک بۆ کوردستان**

1-زاراوەی کوردستان

زاراوەی کوردستان لە بنەڕەتدا لە دوو بەش پێکهاتووە: (کورد) کە مەبەست لێی نەتەوەی کوردە، بەشی دووەمیش (ستان)ە کە پاشگرێکە لە هەندێ زمانە هیندۆ ئێرانییەکاندا بە واتای وڵات یان نشتمان دێت. کەواتە کوردستان بە واتای وڵاتی کوردان یان ئەو خاکەی کە نەتەوەی کوردی لەسەر دەژیت دێت.

# 2-شوێن (پێگەی جوگرافی)

کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا. کوردستان خاوەنی سنورێکی سیاسی دیاریکراو و دان پیانراو نییە، بەڵکو بەشێکە لە خاکی دەوڵەتانی تورکیا ، ئێران ، عێراق ، سوریا. لە لایەن ئەم چوار دەوڵەتەوە، نە دان بە بوونی خاکی کوردستاندا دەنێن و نە بڕواش بەو سنوورانە دەکەن، بەڵکو کوردستان بە بەشێک لە خاک و نەتەوەی کوردیش بە بەشێک لە نەتەوەکانی خۆیان دادەنێن.

# 3-شوێنی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی)

مەبەست لە شوێنی ئەسترۆنۆمی بریتییە لە شوێنی وڵات بە گوێرەی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، لەم ڕوانگەیەوە کوردستان دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (30:61-40:39)ی باکوری گۆی زەوی، وە نێوان هەردوو هێڵی درێژی (36:00-52:61)ی خۆرهەڵات.

بەم شێوەیە کوردستان دەکەوێتەوە چوارچێوەی هەرێمی ئاووهەوایی مام ناوەندی باکوورەوە بەشێوەیەک کوردستان لە نێوان هەرێمی ئاووهەوایی دەریایی ناوەڕاست لە باکوور بۆ هەرێمی ئاووهەوایی بیابانی گەرم درێژبۆتەوە، ئەمەش وایکردووە هەرچوار وەرزی ساڵ بە ڕوونی دەربکەوێت، ئەمەش کاریگەری باشی لەسەر جۆراو جۆری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان هەیە.

# سنوور و ڕووبەر

سنووری کوردستان  لە باکورەوە لە گەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیایە، لە ڕۆژهەڵات ئێران، لە ڕۆژئاواشەوە عیراق و سوریایە و بەشی باشوریشی لە گەڵ ئێران و کەنداوی عەرەبی. ڕووبەری گشتی کوردستانی گەورە نزیکەی (500000) کم2، بەسەر چوار وڵاتی تورکیا و عیراق  و ئێران و سوریا دابەشبوو.

# بەشی دووەم: تایبەتمەندی سروشتی کوردستان

– بەرز و نزمی (تۆپۆگرافیا)

تۆپۆگرافیای کوردستان، لەڕووی بەرزیی و نزمییەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، ناوچەی باکوورو ڕۆژهەڵات بە چیای بەرز داپۆشراون کە بەرزایی هەندێکیان لە چوار هەزار مەتر زیاتر دەبێت. لە نێوان ئەو چیایانەدا چەند دەشتاییەکی تەخت هەن. ناوچەی باشوورو ڕۆژئاوا نزمن و چیایان کەمەو بەزۆری لە دەشتایی پێکهاتوون ، لەڕووی ئەم دوو دیاردە خۆرسکییەدا چەندین تەپۆلکە هەن. بەگشتی تۆپۆگرافیای کوردستان لەسێ بەش پێک دێت:

# 1-چیاکان

زیاترلە نیوەی تۆپۆگرافیای کوردستان لەچیا پێکهاتووە، بەزۆری لەشێوە زنجیرە چیا دەبینرێن. ژمارەی چیاکانانیش بەتەواوی دیار نیە بەپێی هەندی سەرچاوە ژمارەی چیاکان (122) ە، و هەندێکی تریش ئەم ژمارەیە بەرز دەکاتەوەو دەڵێت (220) چیایە. لەگرنگترین چیاکان: زاگرۆس، سەفین ،کۆرەک،حەمرین،...هتد.

# 2 - گردەکان (تەپۆلکە) :

گردەکانی کوردستان بەزۆری لە زنجیرەیەکی خوارو خێچی چەماوە پێک هاتووە. زۆر بەرز نین، بەڵام ئەگەر لەنزیک چیاکان نەبوونایە ئەوا هەر یەکیان بۆ خۆی چیایەک دەبوو، ئەم گردانە سوودیان زۆرە، لەلایەکەوە دەغڵودانیان لێ دەچێندری و لەلایەکی دیکەشەوە بەدەیان مێگەلی مەڕومالاتی لێ دەلەوەڕێندرێت، لەگرنگترین گردو تەپۆلکەکان: بایەزید، بەررنجە، پشدەر،چوارتا، پێنجوێن.......

# 3- دەشتەکان

دەشتەکانی کوردستان بەزۆری لەپێچاو پێچی چەماوە پێکهاتوون ، ڕووبەرەکانیان لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بەهەموویان 15% ی ڕووبەری خاکی کوردستان پێکدێنن، گرنگترینیان : شارەزوور، هەولێر ، سندی(زاخۆ)، مەریوان ، کەندێناوە ، شەنگال، قەراج...هتد.

# ئاووهەوای کوردستان

**ا-پلەی گەرمی**

پلەی گەرمی کوردستان لە نێوان هەوای بیابانی گەرم و هەوای ساردی دەریای ناوەڕاستدایە، لە گەڵ ئەوەشدا لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی ترجیاوازی هەیە، چونکە ئەو هۆکارانەی کار لە سەر ئاو و هەوای ناوچەکان دەکەن، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە لە یەک جیاوازە، تا بەرەو باکوری کوردستان بچین پلەی گەرمی ڕوو لە نزمبوونەوە دەبێت، بە پێچەوانەوە تا بەرەو باشوور بێینەوە پلەی گەرمی ڕوو لە بەرزبوونەوە دەبێت .

جیاوازی پلەی گەرمی لە ناوچەکانی باکوورو باشووری کوردستان جیاوازییەکی زۆرە، بۆ نموونە لە وەرزی زستاندا پلەی گەرما لە شارەکانی باکوری کوردستان زۆر ڕوو لە نزمبوونەوەیە، زۆرجار بۆ پلەی ژێر سفر دادەبەزێت، لە هەندێ ناوچە دەگاتە (30یان 35) پلە بۆ ژێر سفر. لە ناوچەکانی باشووری کوردستانیش لە هاویندا پلەی گەرمی بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە بۆ نموونە لە هەولێرو کەرکوک دەگاتە نێوان ( 40 و 45 و 50 ) پلە. بەوەش جیاوازی پلەی گەرمی نێوان ناوچەکانی کوردستان لە دوورترین خاڵی باکوور لە زستان و دوورترین خاڵی باشوور لە هاویندا دەگاتە نێوان ( 80 یان 85 پلە ) کە ئەوەش جیاوازییەکی گەورەیە .

## ب- بارانی کوردستان :

هەرچی بارانیشە لە ناوچە شاخاوییەکاندا تا بەرەو باکوور بەرز بینەوە زیاتر دەبارێت و بەفری ئەستورتر دەکەوێت، کە لە هەندێ ناوچەدا ئەو بەفرانە تا وەرزی هاوینیش دەمێننەوە، بەڵام لە ناوچە دەشتاییەکانی باشوور و ڕۆژئاوا تا بەرەو خواروو بێینەوە باران کەم دەبێتەوە، بەفریش زۆر بەکەمی دەنا نابارێت ، ئەگەریش باری بەزوویی دەتوێتەوەو زۆر خۆی ناگرێت .

# دەرامەتی ئاوی

کوردستان ئەگەرچی نەکەوتبێتە سەر یەک لە دەریا یا ئۆقیانووسە گەورەکان، کە لە ڕێی ئەوانەوە دەروازەیەکی نوێ و گرینگی بۆ مسۆگەر بێت، بۆ پەیوەندیکردن بە وڵاتانی دنیا، بەڵام لە ناوەخۆدا سەرچاوەی ئاوی زۆری هەیە، ئەو ئاوە لە چەندین ڕووبارو دەریاچەوە خۆی دەنوێنێت. تەنانەت بە سەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی ئاوی وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئاسیاش دەژمێردرێت، چونکە ڕووبارو زێیەکانی کوردستان دەڕژێنە دەریا گەورەکانی وەکو کەنداوی عەرەبی و ئەسکەندەروونە و زەریای خەزەر و ڕەش و دەریاچەکانی وان و ورمێ ......

## گرنگترین ڕووبارو دەریاچەکانی کوردستان

یەکەم:ڕووبارەکان:-
لەخاکی کوردستاندا چەندین ڕووباری گەورە سەرچاوە دەگرن، کە لێرەدا سیانیان باس دەکەین، کە ئەوانیش بریتیین لە:

1- ڕووباری ئاراس

لە ناوچەی ( بینگۆل ) لە تورکیا سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە دەریای قەزوین.

2- ڕووباری دیجلە

لە باکوری شاری (دیار بەکر) ەوە لە دەریاچەی (گوولجوک) ەوە سەرچاوە دەگرێت ، بە خاکی کوردساندا تێپەر دەبێت و دواتر بە زەوییەکانی عێراقدا بەرەو خوار تێدەپەرێت تا لە نزیک شاری (بەسرا) لە گەڵ ڕووباری (فوڕات) تێکەڵ بە یەک دەبنەوەو (کەنداوی عەڕەب) پێکدەهێنن .

3- ڕووباری فورات

بە درێژترین ڕووباری کوردستان دادەنرێت و لە دوو سەرچاوە پێکدێت، یەکێکیان (فرات صو)، سەرچاوەکەی تریش (مراد صو) ئەم دوو لقەش لە باکووری ( ئالازیغ) دەگەنە یەک و ڕووباری فورات پێکدەهێنن.

# دووەم: زێیەکان

زێ لە ڕووبار بچووکترە، لە کوردستان چەند زێیەکی گرنگ هەیە، لەوانە:

1- زێی گەورە

لقی هەرە گەورەی ڕووباری دیجلەیەو لە کوردستانی باکوورەوە سەرچاوە دەگرێت بەرەو کوردستانی باشوور درێژ دەبێتەوە، تاکو دەگاتە ئاوبەندی بێخمە، لەوێدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، تاکو لە باشووری شاری موسڵ، دەڕژێتە نێو ڕووباری دیجلە.

- زێی بچووك
به درێژترین لقی ڕووباری دیجله دەژمێردرێت، له ڕۆژئاوای شاری مهاباد سەرچاوه دەگرێت و له سنووری قەلادزێوه دەپەڕێته کوردستانی عێراق و دەڕژێته ئاوبەندی دۆکان، لەوێشەوه بەرەو پردێ دێت، له ئەنجامدا له گەڵ زێی گەورەدا دەڕژێته ڕووباری دیجله.

3- زێیەکانی بەتلیس و بۆتان له کوردستانی باکوور.
4- زێی سیروان له کوردستانی ڕۆژهەلاَت بەرەو کوردستانی باشوور درێژدەبێتەوه.

## سێیەم : دەریاچەکان:-

له کوردستان چەند دەریاچەیەکی گرنگ هەن لەوانه:
1- دەریاچەی وان: گەورەترین دەریاچەیه له کوردستاندا، دەکەوێته باکووری کوردستان، ئاوەکەی زۆر سوێره بۆیه هیچ زیندەوەرێکی تیا ناژیت .

2- دەریاچەی ورمێ: دەکەوێته ڕۆژهەڵاتی **شاری** ورمێ له ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

3-دەریاچەی گوولجوک: دەکەوێته باکووری شاری دیاربەکر.

# بەشی سێیەم /تایبەتمەندی مرۆیی کوردستان

1-دابەشبونی دانیشتوان بەپێی پێکهاتە

دابەشبونی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی و پێکهاتەی ئاینی دەگرێتەوە

* بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی

1-کورد

گەورەترین نەتەوەو یەکەم نەتەوەیە کە لە سەر ئەم خاکە دەژی ، بە گوێرەی ئامارەکان ڕێژەی 76% دانیشتوانی کوردستان پێکدێنن، ئەمەش دوای ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو نکۆڵی لە بوونی کراوەو پاڵەپەستۆیان خراوەتە سەر کە بە نەتەوەی تر خۆیان بنووسن و سەرەرای سیاسەتی دەرکردن و گواستنەوە ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆر لە کورد ڕوو لە هەندەران بکەن بەتایبەت وڵاتەکانی ئەوروپا.

2- تورک

دووەمین گروپی ئیتنی، لە ڕووی ژمارە و ڕێژەیان بۆ گشت دانیشتوانی کوردستان، کەمە نەتەوەی تورکە، مێژووی پەیدابوونیان، بۆ پێش چەند سەدەیەک لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

3-عەرەب

سەرەتای پەیدابوونیان دەگەڕێتەوە بۆنیوەی یەکەمی سەدەی حەوتی زایینی کە شوێنی بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ نیمچە دوورگەی عەرەب و لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان جێگیربوون و دواتریش لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەبکردن ڕێژەیان بەرەو زیادی چوو.

4-عەجەم
دوای نەتەوەی عەرەب دێ، تا ئێستا ڕەچەڵەکیان ڕوون نەبۆتەوە ، یەکێ لە بیرو ڕاکان ئەوەیە دەگەڕێنەوە بۆتورک و خۆشیان لە هەوڵی چەسپاندنی ئەوەن کە بە تورک هەژماربکرێن.
5-فارس
ڕێژەیان دوای عەجەمەکان دێت و بە زۆری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەژین.

6-تورکمان
ژمارەیەک لە دانیشتوانی کوردستان پێکدینن و دەربارەی ڕەچەڵەکیان دوو بیرورا هەیە، یەکەمیان پێیان وایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەربازە کوردانەی ، کە عوسمانییەکان لە شکرێکیان لێ دروست کرد دژ بە سەفەوییەکان ، بیروڕای دووەمیش ئەوەیە، کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا فەرمانبەربوون ، چونکە دەبوایە تورکی بزانن ، ئەم ناوە دوای ڕوخانی عوسمانییەکانیش هەرمایەوە.
7- جگە لە مانە کلدان و ئاشوور ی ئەرمەنی بە رێژەی جیاواز لە کوردستاندا بوونیان هەیە.

# ب-پێکهاتەی ئایینی

پێکهاتەی ئایینی، هەروەک پێکهاتەی نەتەوەی گەلێک ئالۆزە، جگە لە ژمارەیەک ڕێبازی جیاجیای سۆفیگەریتی، پەیڕەوکەرانی زۆربەی ئایینە ڕۆژهەلاَتییەکانی تێدایە، هەرچەندە سەرژمێرییەکی تەواو دەربارەی پەیڕەوکەرانی ئایینە جیاجیاکان نییە. ئەو سەرژمێریانەی هەن باس لەوە دەکەن کە، ئێستا (95%)ی نەتەوەی کورد موسڵمانن. (75%) سەربە مەزهەبی سونەن و ئەوانی تریش کە دەکاتە 20% لەسەر مەزهەبی شیعەن و ئەو 5% ی کە دەمێنێتەوە هەندێک لە سەر ئاینی مەسیحی و جوولەکەن ،ئەوانی تریش عەلەوی و ئێزیدی و کاکەیی و (عەلی ئیلاهی) ئەهلی حەقن .

# ئاینی زەردەشت

ئەم ئاینە لە سەدەی ( 7 پ. ز) لە وڵاتی میدیا پەیدا بوو . (ئاڤێستا ) کتێبی پیرۆزی زەردەشتییە بەگوێرەی ئایینی زەردەشت جیهان لە ڕووناکی و تاریکی پێکهاتووە بە بەردەوامی ئەم دوو هێزە لە شەڕدا بوونە و جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە بەشی یەکەمیان ڕابەرەکەی ( ئاهورامەزدا ) یە کە بە دەست ڕۆناکییە و حەوت فریشتەی هەیە و بەشی دووەمیان ( ئەهریمەن ) ە ، کە لە ژێر دەسەڵاتی تاریکی دایەو سێ فریشتەی هەیە . گیان لە ئاینی زەردەشتدا دوای مردن لە ناو ناچێ و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هەست بەخۆشی و ناخۆشی دەکات ، لە دواییدا بەرەو ڕووی دادگاو لێپرسینەوە دەبێتەوە لە بەردەم سێ َ قازیدا دادگایی دەکرێت ، بۆ ئەوەی گیان بە بەرزترین شێوە بگات دەبێت بە قۆناغی (بیری چاک و وتەی چاک و کردەوەی چاک ) دا تێپەڕێت .

# ئاینی ئیسلام

پەیدا بوونی ئیسلام لە کوردستاندا ، بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی دەگەڕێتەوە، لە سەردەمی خەلافەتی( عومەری کوڕی خەتاب ) بەشێک لە کوردەکان بوون بە موسڵمان . پاش بلاَو بوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا ، کورد بە باوەڕێکی پاک و بێگەردەوە پەیڕەوییان لەم ئایینە کرد و ئەمە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی ئاینی ئیسلام لە ناو کوردا پەیدابن و خزمەتێکی گەورەی ئایینەکە بکەن.

ئایینی ئیسلامیش دوو مەزهەبی هەیە، ئەوانیش:

ا- سوننە:

کوردە سونییەکان بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان پێکدێنن و لە ئاینزاکانی ( شافیعی و حەنەفی و مالیکی وحەمبەلی یە)

بەشێکی زۆری کورد لەسەر پەیڕەوی ئاینزای (شافیعی) ن، هەندێکیشیان لەسەر ئاینزای (حەنەفی) ن، بە تایبەتی کوردانی پارێزگاکانی ئاگری، بینگوڵ، دەرسیم، موش، کەرکوک، هەرچی ئاینزاکانی (حەنبەلی) و (مالیکی)ن بەشێکی کەم لە کورد سەربەم ئاینزایانەن.

**ب–شیعە :**

پەیڕەوکەرانی شیعە لە کوردستان لە دوای سوننە دێت و زۆربەیان لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواو کرماشان و لوڕستان و ئیلام و دەرسیم و کەرکوک و خانەقین ....هتد دەژین. سەبارەت بە هەڵوێستیان دەربارەی ئیمامی عەلی (ر.خ) بەسەر چەند دەستەیەک دابەش بوون :

**–عەلی ئیلاهی (ئەهلی حەق)**

بە گەورەترین ئاینزایی شیعە دادەنرێت لە کوردستاندا و بڕوایان وایە گیانی خوا هاتۆتە ناو لەشی ئیمامی عەلی هەر بۆیە تا ڕادەیەک بە خواشی دەزانن . هەروەها پێیان وایە گیانی ئیمامی عەلی بەرز بۆتەوە و چۆتە ناو ڕۆژ بۆیەش ڕۆژ پەرستن بە پێویست دەزانن. ئەمانیش لە ناو خۆیاندا دابەشی چەند تایەفەیەک دەبن، ئەوانیش:

**ا– کاکەیی:**

کاکەییەکان ڕێزێکی زۆر لە ئیمامی عەلی دەگرن و قورئانیان لا پیرۆزە و نوێژ ناکەن و سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن لە مانگی دیسەمبەر دەست پێدەکات و لە ئێوارەی چوارەم دەیکەنە جەژن .پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە لەناو چەکانی داقوق و مەندەلی و خانەقین و ئازەربایجان و...دەژین.

**ب-شەبەک :**
ڕێزێکی زۆر لە ئیمامی عەلی دەگرن و خۆیان بە ئیسلام دادەنێن . پەرتوکی پیرۆزی شەبەکەکان (مەناقبەی ) پێدەڵێن ئەم کتێبە باسی چۆنیەتی خوا پەرستی و چاکە کردن و خراپە نەکردن و پاڕانەوەو صەلەوات دەکات ، سنوری جوگرافیای شەبەکەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووباری خازرەو لە ڕۆژئاواوە تلکێفەو لە باکووری ناوچەی شێخانە و لەباشووریش موصلە .

**ج-عەلەوی (قزلباش) :**
گرنگییەکی زۆر بە ئیمامی عەلی دەدەن و پێیان وایە گیان نامرێ بەڵکو لە شێوەیەکی تردا دووبارە دەردەکەوێتەوە ، دەڵێن کەمرۆڤ مرد گیانەکەی بۆلای ئەستێرەکان هەڵدەکشێ لەوێ بەئامادەبوونی (عەلی خوا) لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت ، ئەو گیانانەی کە گوناهیان کردووە لە شێوەی گیانلەبەر دروست دەبنەوە ،کتێبی پیرۆزی ئەم ئاینزایە (مەجمەعە) ، بەزۆری لە ناوچەکانی دەرسیم و ماردین و دیاربەکر نیشتەجێبوونە .

**-ئێزیدی :**
زۆربەی بیروراکان لە گەڵ ئەوەدان ڕەچەڵەکی ئێزیدییەکان دەگەڕێتەوە سەر کورد وکوردیش زمانی ئاینیانەو لەو باوەڕەشدان خواکەیان بە کوردی دەدوێت، شوێنی سەرەتای یەزیدیەکان چیای دەرسیم بووە و دوای هێرشی تەیموری لەنگ بۆ چیاکانی شەنگال کۆچیان کردووە، ئێزیدییەکان بڕوایان بە یەکتاپەرستی هەیە. گەورەی فریشتەکان لە ئایینی یەزیدیدا پیرۆزترین شوێنی هەیە و پێی دەڵێن (مەلیک تاوس) و پێیان وایە یەکەم فریشتەیە کەلای خوا دروست کراوەو پاشان ئەوانیتر دروستکراوە .دووکتێبی پیرۆزیان هەیە (مەسحەفارەش) کە باسی شتە حەلاڵ و حەرامەکان دەکات (جیلوە) ش باسی گەردوون و حەوت فریشتەکە دەکات . ئێزیدییەکان بەیانیان و چێشتەنگاوان نوێژ دەکەن و سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن کە لە 12 دیسەمبەرەوە دەستپێدەکات و لە 15 هەمان مانگدا کۆتایی دێت و جەژنەکانیان زۆرن لەوانەش : جەژنی سەری ساڵی ڕۆژهەلات کە لە یەکەم چوارشەممەی مانگی ئەپریلدا یەو جەژنی ڕۆژوو کە ڕۆژی چوارەمە لە ڕۆژوو بوون و جەژنی چلەی هاوین و چلەی زستان ...هتد. لە کۆمەڵگای ئێزیدیدا سێ چینی ئاینی هەن پیرو شێخ و مورید.

دیانەکان

پێغەمبەری دیانەکان، ناوی عیسای کوڕی مریەمە، دوای ئەوەی بووە بە پێغەمبەر، لە ڕێگەی حەوارییەکانەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی کردووە، ئەم ئایینە بەرە بەرە بڵاوبۆتەوە تا گەیشتۆتە کوردستان، پەرتوکی پیرۆزی دیانەکان ناوی ئینجیلە، واتە مزگێنی، ئەم ئاینەش لەناو خۆیدا چەند ئایینزایەکی لێ دەبێتەوە،پەیڕەوکەرانی ئەم ئایینە لە  بە هەولێر، موسڵ، بینگوڵ، وان، قامیشلی......

ئاینی یەهودی :

ئەمڕۆ تەنیا هەندێک گۆڕستان و ئاسەواری پەرستگاکان لەکوردستان ماون، بۆنموونە لە ئاکرێ هێشتا ئاسەوارەکانی جولەکە ماونەتەوە، لە زۆربەی شارە گەورەکاندا گەڕەکی تایبەتی خۆیان هەبووە. ژمارەی یەهودییەکانی کوردستان نزیکەی 200000 کەسن .